# مێژوونووسی و پرسی نەتەوەسازی

## (مێژوو و مێژوونووسی لە ڕوانگەی ئەمین زەکی بەگ)ەوە

د. ئیسماعیل مەحموودی*
(هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

(٢- ٢)

**بڵاوکردنەوەی «خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان»:**

ئەمین زەکی بەگ لە ماوەی نیشتەجێبوونی لە ئیستەنبوڵ، خۆی وەک بەشێک لە گوتاری عوسمانیخوازی پێناسە دەکات و لەم پێناوەشدا و بۆ بەهێزکردنی سپای عوسمانی وەک پارێزەری سەرەکی دەوڵەتی عوسمانی، هەشت کتێب بە زمانی تورکی دەنووسێت، تەنانەت بە نووسینی کتێبی «بەغدا و کارەساتی لە دەستچوونی»، لە ساڵی (١٩٢٢)دا، سۆزی خۆی بۆ جیابوونەوەی بەغدا لە عوسمانی ناشارێتەوە و باس لە «دڵ و دەروونێکی عوسمانیخواز» دەکات کە لە ئاست ئەو کارەساتە دڵی تەوساوەتەوە (١٨)، (مستەفا نەریمان، ٢٠٠٦: ٦٥- ٦٠).

بەڵام هەر لەم سەردەمەدا و پاش زاڵبوونی گوتاری تورکیخوازی، دیارە «ئەمین زەکی بەگ»یش گومان لە شوناسی عوسمانیخوازی دەکات و هەر ئەم گومانکردنە، بۆ بیرکردنەوە لە شوناسی کوردی خۆی، هانی دەدات و سەرهەڵدانی چەندان پرسیاری دیکەی وەک: «قەومی کورد لە چ نەتەوەیەکە؟ چی بەسەر هاتووە»؟ (ئەمین زەکی بەگ، ١: ٢٠٠٦)، ئیتر دەبێتە پرسی سەرەکی ئەندێشەی ئەمین زەکی بەگ و دەرنجام بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد و کوردستان هانی داوە.

کەواتە ئەمین زەکی بەگ، بۆ گەیشتن بە

وەڵامی ئەم پرسیارانە، ڕوو لە خوێندنەوەی مێژوو دەکات و لە ساڵی (١٩٠٨)وە تا ساڵی (١٩١٧) خەریکی نۆت هەڵگرتن لە مێژووی کورد دەبێت و لەم ساڵەشدا بە هۆی «موسیبەتێکی گەورە»وە، واتە ئاگر گرتنی گەڕەکەکەیان، «خانووەکە»ی دەسووتێ و ڕەنجی«پێنج شەش ساڵەی» لە کیس ئەچێت (زەکی، ٢٠٠٦ : ٢)

پاش ئەم ڕووداوە، ڕووداوی چارەنووسسازی وەک کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهانی و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی و سەرهەڵدانی ئەتاتورک، دەرفەت بۆ درێژەی گەڕان بە دوای خوێندنەوەی مێژوو و مێژوونووسی ناهێڵێتەوە و پاش دامەزرانی دەوڵەتی عیراقیش، تورکیای ئەتاتورک بە جێ دەهێڵێت و لە ساڵی ١٩٢٤ ڕوو دەکاتە بەغدا.

لە بەغدا سەرقاڵی کاروباری سەربازی و دواتر نوێنەرایەتی پەرلەمان و وەزارەت دەبێت و (٥) ساڵ پاش گەڕانەوەی لە ئیستەنبوڵ، لە پاڵ هەوڵی بەردەوامی بۆ گەشەپێدانی بواری فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان، لە ساڵی (١٩٢٩) بەهۆی دەستخستنی «ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام» و خوێندنەوەی «بەحسێکی مەخسووسی کورد» لە نووسینی «مینۆرسکی»، ئەمین زەکی هان ئەدات «سەرلەنوێ، قەرار» لە نووسینی مێژووی کوردستان بدات و دەرنجام کتێبی«خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان»، لە ساڵی ١٩٣١ بڵاو دەکاتەوە و دواتریش دوو کتێبی «تەئریخی وڵاتی سلێمانی» و «پیاوە گەورەکانی کورد» هەر لەم ئاراستەیەدا بڵاو دەکاتەوە.

کتێبی «خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان» بۆ یەکەم جار و بە زمانی کوردی، مێژووی کورد و کوردستان لە سەردەمی پێش ئیسلامەوە تا سەردەمی خۆی لە دوو بەرگدا بڵاو




**ئەمین زەکی بەگ**

دەکرێتەوە، بەرگی یەکەم لە هەشت بەش، واتە «کوردستان و جێگە و میقداری کورد، مەنشەئی کورد، موختەسەر ئەحواڵی تاریخییەی کورد و کوردستان، کورد لە دەوری فتووحاتی تورکدا تا دەوری ئیلخانی، کورد تا دەوری سەفەوی، ئەحواڵی کورد تا ئەمڕۆ، شکل و تەبیاتی و ژیانی کۆمەڵی کورد، عەشائیری کورد،» نووسراوە و بەرگی دووەمیش هەڵگری یەک دەسپێک، یان مەدخەل بە ناوونیشانی «ئەو ئەقوامی قەدیمەیە کە لەگەڵ: ئەسڵی کورددا موناسەبەتی هەیە» و چەندان بەشی دیکە، لەوانە «حکوومەتی سالارییە، ڕەوادی، حکوومەتی دۆستەکی و مەروانی، حکوومەتی بەرزیکانی حەسنەوییە، حکوومەتی ئەیووبی، حکوومەتی زەند، حکوومەتی ئەتابەکی، لوڕی گەورە، لوڕی بچووک، یان خورشیدی، حکوومەتی بەنی ئەردەڵان، حکوومەتی براخوی، حکوومەتی شەدادییە، ئیمارەتەکانی کورد» نووسراوە، کە لێرەدا جیا لە ئاماژە بە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم بەرهەمە، بە ڕەچاوکردنی دەقی مێژووەکە، باس لە سێ پرسی سەرەکی

واتـە، مێـژوو لـە ڕوانگـەی ئەمیـن زەکـی بەگـەوە، مەبەسـت لـە نووسـینی مێـژوو، هەروەهـا شـێوازی مێژوونووسـی، زەکـی بـەگ دەکرێـت.

## مێژوو و مێژوونووسی لە ڕوانگەی (ئەمین زەکی بەگ)ەوە

بـە پێچەوانـەی گوتاری مێژوونووسیی کوردستانی سـەردەمی پێـش مودێـرن، لـە گوتـاری «ئەمیـن زەکـی بـەگ»دا، ئیتـر مێـژوو تەنیـا بـە مانـای گێڕانـەوە و نووسـینەوەی ڕووداوە سیاسـییەکان، بـە مەبەسـتی هـەوڵ بـۆ مانـەوەی ناوبانگـی ماڵەمیرانـی کـورد نییـە، بەڵکـوو شـوێنی غیـرەت نوانـدن بـۆ هەسـتکردن بـە غـرووری نەتەوەیـی، شوێنی وانەوەرگرتـن لـە ڕێگـەی پـەردە هەڵدانـەوە لـە ڕووداوەکانـی ڕابـوردوو بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە سـەبەب و هۆکارەکانـی شکسـت، هەروەهـا شـوێنی دەربڕینـی ڕوانگەیەکـی عەقڵانییـە، نـەک مەشییەتخوازانەیە لەسـەر ڕووداوەکان و هـەر لـەم ئاراستەیەدا و سەبارەت بە شوێنی غیرەت نواندن لـە پێناو غرووری قەومی و نەتەوەیی دەنووسێت: «پـاش ئـەوەی لـە «جێگـەی تەعبیـری عموومـی «عوسـمانی»»، لەفـزی «تـورک» و «تۆرانـی» لـە تورکیـادا» زاڵ دەبێـت (ئەمیـن زەکـی بـەگ، ١: ٢٠٠٦) وەک «ئەفـرادی میللەتەکانـی تـر»، لـە «نـاو ئـەو کۆمەڵـەدا»، ئیتـر «غیرەتـی»هەسـت پـێ دەکات و «غـرووری قەومـی، مەجبـووری دەکات کـە لـە هەمـوو فرسـەتێکدا ئـەم حیسسـەی خـۆی ئیزهـار بـکات» (هەمـان:١)، هـەر لـەم بـارەوە، هەسـتی خـۆی لـە نووسـینەوەی مێـژووی کـورد و کوردسـتان و ئامـاژەدان بـە هەندێـک بەشـی مێـژووی کوردی وەک: «ئـەم داستانی مەردایەتیی عەشـائیری «برادۆسـت»ی موکـری و مودافەعـەی قـەڵای دمـدم... زۆر پێویسـتە کـە دەرحـەق ئـەم میسـالی بڵنـدەی مەردایەتیـی کـوردە، کتێبێکـی سـەربەخۆ بنووسـرێ و بـۆ نەتـەوەی کوردی ئیمـڕۆ و سـبەینێ بـە یـادگار بەجـێ بهێڵـرێ» ئیزهـار دەکات (هەمـان: ١٣٨)

ئەمیـن زەکـی بـەگ سـەبارەت بـە پرسـی وانەوەرگرتـن لـە ڕابـوردوو، لـە ڕێگـەی پـەردە هەڵدانـەوە لەو ڕابوردووە، دەنووسـێت: «بەڕاسـتی تاریـخ ئاوێنەیەکـی عیبرەتـە و ئینسـان و ئەقـوام ئەبـێ دائیمـەن ئیسـتیفادەی لـێ بکـەن و لـە سـەبەبی سـەرنەگرتنی بەعزێ ئیش و قیام باش ورد ببنـەوە و تووشی عەینـی نەتیجە و فەلاکـەت نەبـن. (هەمـان: ١٧٧)»، هەروەهـا سـەبارەت بـە وانەوەرنەگرتنیشـی لـە باسـی ئەنجامـی شـەڕی عوسـمانی و سـەفەوییە لـە پێوەنـدی بـە پرسـی کـوردەوە دەنووسـێت: «خولاسـەی کـەلام، ئـەم شـەڕە گـەورە.. ئەهمیەتـی سیاسـییەی کـوردی بـە تەواوی بە کورد سـەلماند، بەڵام کورد لەم دەرسـە باشـانەی تاریـخ نەیتوانـی و نەیزانـی عیبـرەت وەربگـرێ و لـە مەوقیعـە موستەسـناکەی خـۆی ئیسـتیفادە بـکات و کۆمەڵێکی یـەکدڵ دامەزرێنـێ و بەرانبـەر بـە لافاوانـی ئیسـتیلای یـەک لـە دوا یـەک بـە کۆمەڵییەکـی بەقـووەت ڕاوەسـتێ....و لـە باتـی پشت بدەنە پشـتی یـەک و بـە دڵسـۆزی هـەوڵ بۆ ڕزگاریی خۆیـان و ڕزگاریی وڵاتەکانیـان بـدەن، دائیمـەن بـە گژ یـەکا ئەچـوون و شـیریان لـە یـەک ئەسـوو... گەلـێ حکوومەتـی بەقووەتیـان دامەزرانـدووە، گەلـێ ئیمارەتیـان پێکـەوە نـاوە، بەڵام ئەمانـە هەموویان بـە سـەبەبی دوژمنایەتیی بەینـی خۆیانـەوە و زۆریشـیان بـە دەسـی خۆیـان، لـە نـاو بـراون» (هەمـان: ١٤٥- ١٤٦) و هـەر لـەم ئاراستەیەشـدا، لـە باسـی شـەرەف خانـی بەدلیسـی، دەنووسـێت: «ڕەحمەتـی خـوای لـێ بـێ، لـەم خسووسـەوە گەلـێ سـکاڵای کـردووە و

بە گوێرەی حاڵی ئەو زەمانە ڕێگەی باشی نیشانی کورد داوە.. ئەم نەسیحەتە باشە تەئسیری لە ئومەرای کورد نەکردووە و لەسەر شوێنی قەدیمەیان ڕۆیشتوون و بەرەبەرە وەکوو ئەیبینین هەموو لە ناو چوون» (هەمان: ١٤٦)

سەبارەت بە باسکردن لە سەبەب و هۆکارەکان وەک بەشێک لە ڕوانگەی ئەمین زەکی، دەکرێت ئاماژە بە سەبەبی لایەنگری نەکردن لە دەوڵەتی کوردی لەو سەردەمەدا وەک بایەخی پرسی وانەوەرگرتن لە مێژوو بدرێت کە لەم بارەوە ئەمین زەکی بەگ دەنووسێت «کەس ناتوانێ ئینکاری بکا لە هەموو میللەتێکدا لکەمێ زۆر، مەیلی سەربەخۆیی هەیە و ئەمەش لە حقووقی ئەساسییە و تەبیعییەی ئەفراد و ئەقوامە، لەم خسووسەوە تەعقیبی هیچ کەسێ و هیچ قەومێ نابێ بکرێ، ئەوندە هەیە ئەو قەومە، باخسووس تێگەیشتووانی ئەو قەومە، ئەبێ لە پێش هەموو شتێکدا بۆ ئەم سەربەخۆییە چی پێویستە، ئەوە بکەنە هەدەف و ڕێگەیەکی ماقووڵ و ئەمین بگرنە پێش، لە عیلم و مەنتیق قەت لانەدەن و ڕوح و ماڵی خۆیان بە بێ وەقت و بە هەڵەشە و بە خۆڕایی سەرف نەکەن، هێمن و وریا بن، بە برایەتی و دڵسۆزی دەس بدەنە دەسی یەک و بە بێ شەڕ و هەرا سەعی بکەن ڕوشدی ئیجتماعی و سیاسیی خۆیان بە مەکارمی ئەخلاق و عیلم و سەروەتیان ئیسبات بکەن، چونکە پێویستی سەربەخۆیی ئەمانەیە و لازمە بزانرێ کە لەم عەسرەدا سەربەخۆیی لەگەڵ جەهل و فەقردا ناژی و لە باتی ڕەفاهـ و سەعادەت بۆ قەومەکە، ئیستبداد و فەلاکەت ئەهێنێ و بە دەس غەریبە و موتەغەلیبەوە گیرۆدە و زەلیلی ئەکا (ئەمین زەکی، ١٩٧)

### شێوازی مێژوونووسی ئەمین زەکی بەگ

ئەمین زەکی بەگ، پێش هەموو شتێک زمانی کوردی بۆ نووسینی مێژووی کوردستان هەڵدەبژێرێت و لەم بارەوە دەنووسێت: «بەعزێ لە دۆستان ویستیان کە ئەم کیتابانە، یا بە عەرەبی، یا بە تورکی بنووسم؛ بەڵام بەڕاستی لام موناسیب نەبوو». (زەکی بەگ، ٢٠٠٦: ٣) بەواتایەک ئەمین زەکی، وەک ئایدیۆلۆژیا سەیری مێژوو و مێژوونووسین دەکات و پێی باش نییە «کە تەئریخی کورد و کوردستان لە تەرەف کوردێکەوە لە هەمووی زیاتر بۆ کورد، بە زمانێکی غەیرە کورد بنووسرێ»ت. (هەمان:٣)

هەر لەم ئاراستەیەدا، ڕاستە سەبارەت بە بەشێک لە مێژووی کورد، پێی وایە «ئاساری ئیسلام و ڕیوایات و حیکایاتی کورد، بۆ حەلکردنی مەسئەلەی ئەسڵ و فەسڵی ئەم قەومە ئەوەندە بەکەڵک نایە.» (هەمان:٤٠)، بەم بۆنەوە پەنا بۆ سەرچاوی ڕۆژئاوایی دەبات و بە کاریگەری گوتاری ڕۆژهەڵاتناسانە، بەتایبەت کەسانی وەک فۆن مینۆرسکی، سێر مەلکۆم، سێر سیدنەی سمیت، سپایزەر، گرنگی زۆر بە سەرچاوی ڕۆژئاوایی دەدات، تەناتەت باس لە دوورەپەرێزی لە خەیاڵ و هەست و بەواتایەک «لایەنگری» لە کاتی مێژوونووسیدا دەکات و لەم بارەوە دەنووسێت: نابێت مێژوونووس «تابیعی حیس و خەیاڵ» بێت و لە خۆیەوە هیچ هەڵبەسێت و «بۆ ئەو بەحسانەی کە ئەینووس»ێت دەبێت، «وەسیقەیەکی موعتەبەر و مەعرووف نیشان» (هەمان:٥) و هەر لەم ئاراستەیەدا ئاماژە بە سەرچاوەی متمانە پێ کراو دەدات و دەنووسێت: «لەگەڵ ئەمەشدا لازمە بزانرێ کە ئەم ئەفکار و موتالەعاتە عیبارەتە لە نەزەریات و

ئیجتیهادات، تا ئێستا وەسیقەیەکی موعتەبەری وا نەدۆزراوەتەوە کە ئەم مەسئەلەی مەنشەئی کوردە بە قەتعی حەل بکا» (هەمان: ٦٦) و بۆ جەختکردنەوە لە سەرچاوەی متمانە پێ کراوە و بایەخداربوونی، لە نامەیەکدا بۆ پیرەمێرد، دەنووسێت: «واقیعەن ئەردەوانی پادشای ئەشکانی لە کاغەزەکەیەدا بۆ ئەردەشیر، توانجی داوە و گوتوویەتی تۆ کوردی (تاریخ الامم و الملوک ١، ابن جریر)، بەڵام بەم توانجە ڕووت و قووتە نەمتوانی موئەسیسی دەوڵەتی ساسانی و مولووکی ئەخلافی بکەم بە ماڵ بەسەر کوردەوە» (ساڵح، ڕەفیق، ٢٠١٠: ١٨٨)

کەواتە جیا لە باسی زمان، سەرچاوەی متمانە پێ کراو، «وەسیقەی موعتەبەر»، دوورەپەرێزی لە ساختەکاری و هەست و خەیاڵ، لە شێوازی مێژوونوسیی ئەمین زەکی بەگدا، بایەخ و پێگەی تایبەتی هەیە، بەڵام ناکرێت لەم ڕاستییەش، نکوڵی بکرێت، سەرەڕای ئیدعای ئەمین زەکی بەگ بۆ دوورەپەرێزی لە بەشداری نەدانی سۆز و هەست و بەواتایەک بێلایەنی لە مێژوونوسیدا، شتی وا مەحاڵە و بە وتەی جێت جێنکینز ئەگەر مێژوونووسێک بڵێت «من ڕابوردوو وەک خۆی نیشان دەدەم و ڕاپۆرتێک لەسەر ڕابوردووی ڕاستەقینە و بابەتی دەدەم، پێی دەڵێم کە ئەمە هەرگیز ڕووی نەداوە و ناکرێت «چونکە بە وتەی ئیدواردز، «مێژوو یەکێکە لەو زانستانەی کە هەڵسەنگاندنی هەیە و لایەنگری مێژوونووسیش زۆر ئاشکرایە، ئێمە مێژوویەکمان بەبێ هەڵسەنگاندن نییە، لە مێژوودا، زانین و بەها شانبەشانی یەکترین. (ادواردز، ١٩٩٦ :٥٦)، بۆیە «تەنانەت ئەگەر مێژوونووس لە خزمەتی کەس، یان دامەزراوەیەکدا نەبێت ئەوە ئارەزوو و بۆچوونەکانی خۆی کاریگەرن لە نووسینی مێژوودا» (ادواردز، هەمان)

لیرەوە و سەرەڕای بانگەشەی ئەمین زەکی کە ئیزنی نەداوە هەست و سۆزی لە مێژوونووسیدا کاریگەری هەبێت، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم دیعایەی دەکرێت ئاماژە بە نموونەی وەک، گێڕانەوەی حەماسیانەی مێژووی قەڵای دمدم(هەمان ٢٠٠٥: -٩٣)، شانازی کردن بە پرسی سەربەخۆییخوازی میر بەدرخان (هەمان، ١٦٩- ١٧٢)، بایەخدان بە مێژووی کوردستان و گەڕاندنەوەی ڕەچەڵەکی کورد بۆ زەنجیرە قەومەکانی زاگرۆس (هەمان: ٦٦)، جەختکردنەوە لەسەر جیاوازی کورد و سەربەخۆیی زمانی کوردی لە زمان و نەتەوەکانی دیکە، (هەمان: ٤٩)، بەتایبەتی پەنابردنی بۆ مێژوونووسی لە پێناو زیندووکردنەوەی غرووری نەتەوەیی بدرێت.

سەبارەت بە شێوازی مێژوونووسی زەکی بەگ، هەست دەکرێت، جیا لە گرنگیدان بە مێژووی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، تەنانەت ڕۆشنبیری، شێوازی وەسفی - شیکاری، گرنگترین تایبەتمەندی مێژوونووسی ئەمین زەکی بەگە کە بە بەرفراوانی دەبینرێت، بۆ نموونە، لە باسی ئیسماعیل پاشای بادینانی، پاش وەسفکردنی ڕووداوەکە، دەنووسێت ئەو «کە لە دوشمنایەتیی محەمەد پاشادا قسووری نەکرد و لە وەقتێکدا لەشکری حکوومەت لەگەڵ محەمەد پاشادا خەریک بوون، ئەو بە مەمنوونی سەیری لەناوچوونی محەمەد پاشای ئەکرد، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو کە عەینی لەشکر هاتە سەری و لە عیمادییەدا گرتیان و قۆڵبەستیان کرد و ناردیان بۆ بەغدا و بەم تەرحە ئیمارەتی سۆران و بادینان لە ناو چوون» (هەمان:١٧٦)، واتە پاش وەسفکردن،

لـە ئەنجامـدا دەسـت بـە شـيكردنەوە، واتـە باسكردن لـە هـۆكار و سـەبەبەكانی دەكات و هـەر لەم ئاراسـتـەيەدا دەنووسـێت: «زاتـەن لە ئیبتیدای تاريخـەوە تـا ئيمرۆ ئەگـەر بـە ديققـەت تێبفكرين، ئەبينيـن كـە پەشـۆكی و ماڵوێرانيـی ئـەم قەومـە هەمـوو نەتيجـەی نيفـاق و تەفرەقەيـان بـووە و تـا ئـەم حاڵەيـان دەوام بكا، دائيمـەن لـە ژێـر دەست و پێـدا ئەچـن» (زەكـی بـەگ، ۲۰۰٦ : ۱۰)

ڕەنگـە بكرێـت بـاس لـەوە بكرێـت كـە باشـترين شـێوازی وەسـفی- شـيكاری لـە كاتـی باسـكردن لـە ڕاپەڕيـن و شـۆڕشـەكانی كـورد لەلايـەن ئەميـن زەكـی بەگـەوە ئاراسـتـە كـراوە، زەكـی بـەگ، هـەر لـەم ئاراسـتـەيەدا و پـاش باسـكردن لـە شـۆڕشـەكانی وەک شـێخ سـەعيدی پيـران، ئەميـر بەدرخـان، جـان پـۆڵاد، ئەميـر خانـی برادۆسـتی و چەنـدان شـۆڕشـی ديكـە، دەنووسـێت: «ئەسـبابی موەفەقنەبوونيـان لـە خارجـی زياتـر، لـە داخڵـی خۆيانـدا بـووە و هێشـتا بـۆ ئـەم تەرحـە ئيشانە پێنەگەيشتووين و لـە وەزعييەتـی سياسـييەی دەوروپشـتمان ئەوەنـدە ئـاگادار نەبـوون» (هەمـان: ۱٦۹-۱۷۷) و لـەم بـارەوە و لـە كاتـی باسـكردن لـە عەبدوڕەحمـان پاشـای بەبـە، دەنووسـێت: «ئەسبابی سـەرنەگرتنی ئـەم حەرەكەتـە: تەعەسـوب و زۆر ئيعتيمادكـردن بـە عالمانـی لـە سياسـەت بـێ خەبـەر، لـە ئيتيفـاق و ئيتحادكـردن لەگـەڵ ئومـەرای دراوسـێدا بـێ موبالاتـی و ڕقەبـەری و حەسوودی ئومـەرای بەبـە و بادينـان و جەزيـرە بـوو» (هەمان: ۱۷۲-۱۷۷)،

لێـرەدا ئەميـن زەكـی، بـە سـەراحەت ئامـاژە بـە چەنـدان نيشـانەی پێنەگەيشـتنی كۆمەڵگـەی كـورد، وەک وانـە وەرنەرگرتـن لـە مێـژوو، شـەڕی ناوخۆيـی، نەبوونـی يەكڕيـزی، نەبوونـی سياسـەتمەداری شـارەزا لـە سياسـەتی دنيـا و ڕكابەرايەتـی ميـرە كـوردەكان دەكات و هـەر لـەم ئاراسـتـەيەدا، ئيتـر مێـژوو، لـە ڕوانگـەی ئەميـن زەكـی بەگـەوە، شـوێنی ڕوانگـەی عەقڵانيەتـە، نـەک ڕوانگەی مەشـيیەتخوازانە و لـەم بارەوە پاش باسـكردن لـە محەمـەد پاشـا دەنووسـێت: «زۆر ڕەنگـە ئەگـەر ئـەم ئەميـرە جەسـوور و قەهھـارە ئەوەنـدەی ڕيعايەتـی شـەرعی ئەكـرد، موراعاتـی سياسـەتيشـی بكردايـە، لـەم تەشەبوسـەدا بـە تـەواوی موەفـەق ئەبـوو و حكوومەتێكـی بەتـوول و سـەربەخۆی دائەمەزرانـد» (هەمـان: ۱٦۷)

بـەم وەسـفەوە، جيـا لـە كاريگـەری گوتـاری ڕۆژهەڵاتناسـانە لـە نووسـينەوەی بەشـی مێـژووی پێش ئيسـلام و هەندێک هەڵـەی مێژوويـی ئەميـن زەكـی بـەگ (۱۹)، دەكرێـت پرسـی گرنگيـدان بـە مێـژووی فەرهەنگـی و ڕۆشـنبيری و كۆمەڵايەتـی، بـە تايبـەت خەباتـی سياسـی و بايەخـدان بـە شـێوازی وەسـفی- شـيكاری، هەروەها سـەيركردن لـە مێـژوو وەک شـوێنی زيندووكردنـەوەی غـروری نەتەوەيـی وەک گرنگتريـن تايبەتمەندييەكانـی مێژوونووسـی ئەميـن زەكـی بـەگ پێناسـە بكرێـت.

## ئەنجام

مێژوونووسـيی كوردسـتان، واتـە كـۆی ئـەو بەرهەمانـەی كـە بـە مەبەسـتی پـەردە هەڵدانەوە لە ڕووداوەكانی بەشـێک لـە مێـژووی كوردستان، يـان بەشـێک لـە جوگرافيـای كوردسـتان، نووسـراون، بـە نووسـينی «شـەرەفنامە»، لەلايـەن «شـەرەفخانی بەدليسـی»يەوە لـە سـاڵی (۱٥۹۷)دا، دەسـت پـێ دەكات و دوو سـەدە دواتـر و لەسـەر دەسـتی مـەلا محەمـەد شـەريفی قـازی لـە سـاڵی (۱۷۹۹ی)دا. دووەم مێژوونووسـی كوردسـتان دەنووسـرێت و دوابـەدوای ئـەم بەرهەمـە، ڕووداونووسـی لە بارەگای ئەردەڵانەكانـدا وەک نەريتێـک دەردەكەوێـت.

لێرەوە مێـژووی کوردسـتان لـە شـەرەفخانەوە تـا مێـژووی کوردسـتانی مـەلا محەمـەد رەزا، دەکرێـت وەک مێژوونووسـیی سـەردەمی پێـش مۆدێرنـی کوردسـتان، پێناسـەبکرێت.

ئـەوەش لـە بیـر نەکرێت لـە نووسـینی مێژووی کوردسـتانی مـەلا مەحمـەد لـە سـاڵی (١٩١٢) تـا بڵاوکردنـەوەی مێـژووی «غونچەی بەهارسـتان» لە سـاڵی (١٩٢٥)، بەتایبـەت خولاسـەیەکی تەئریخـی کـورد و کوردسـتان لـە سـاڵی (١٩٣١) وەک سـەرەتای دەسـپێکردنی مێژوونووسـی کوردسـتان - تـەوەر، کـە نزیکـەی سـێزدە سـاڵ تـا غونچـەی بەهارسـتان و نـۆزدە سـاڵ تـا خولاسـەیەکی تەئریخـی ئەمیـن زەکـی بـەگ تێپـەڕ دەبێت، لـەم نێوەنـدەدا، گوتـاری مێژوونووسـانەی کـوردی، واتـە پەنابـردن بـۆ مێـژوو و ڕووداوی مێژوویـی لـە پێنـاو نەتەوەسـازی لـە کۆتایـی سـەدەی نـۆزدە و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم، لەلایـەن حاجـی قـادری کۆیـی و مونەوەرانی ئیستەنبوڵ، بەتایبەت ڕۆژنامەکانـی کوردسـتان و ڕۆژی کـورد، دەسـتی پـێ کردبـوو، ئەمـەش خـۆی وەک نەریتێکـی مێژوونووسـی، لـە پـاڵ کاریگـەری نەتەوەسـازی و بەواتایـەک دەرکەوتەکانـی ئەندێشـەی مۆدێـرن، لـە سـەرهەڵدانی مێژوونووسـیی کوردسـتان-تـەوەر و لەوانـەش، «خولاسـەیەکی تەئریخـی کـورد و کوردسـتان»ی ئەمیـن زەکـی بـەگ لـە سـاڵی (١٩٣١)، کاریگـەری بەرچاویـان هەبـووە.

کتێبـی «خولاسـەیەکی تەئریخـی کـورد و کوردسـتان» بـۆ یەکـەم جـار و بـە زمانـی کوردی، مێـژووی کـورد و کوردسـتان لـە سـەردەمی پێـش ئیسـلامەوە تـا سـەردەمی خـۆی لـە دوو بەرگـدا دەنووسـێتەوە و بـە پێچەوانـەی گوتـاری مێژوونووسـیی کوردسـتانی سـەردەمی پێـش مۆدێـرن، لـە گوتـاری «ئەمیـن زەکـی بـەگ»دا، ئیتـر مێـژوو تەنیـا بـە واتـای گێڕانـەوە و نووسـینەوەی ڕووداوە سیاسـییەکان، بە مەبەسـتی هـەوڵ بـۆ مانـەوەی ناوبانگـی ماڵەمیرانـی کـورد نییـە، بەڵکـوو شـوێنی غیـرەت نوانـدن بـۆ هەسـتکردن بـە غـرووری نەتەوەیـی، سـاحەی وانەوەرگرتـن لـە ڕێگـەی پـەردە هەڵدانـەوە لـە ڕووداوەکانـی ڕابـوردوو بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە سـەبەب و هۆکارەکانـی شکسـتەکانە.

لـەم ڕووەوە دەشـێت بانگەشـەی ئـەوەش بکرێت، مێـژوو لـە ڕوانگـەی ئەمیـن زەکـی بەگـەوە، تەنیـا باسـکردن لـە ڕووداوەکان و بەواتایـەک نووسـینەوەی ڕووداوە سیاسـییەکان نییـە، بەڵکـوو جیـا لـە پەردەهەڵدانـەوە لـە ڕابـوردوو بـە مەبەسـتی وانەوەرگرتن و ئاگاداربوون لە سـەبەبی شکسـتەکان، شـوێنی شـانازی بـە کـورد و هەسـتکردن بـە غرووری قەومـی لـە پێنـاو نەتەوەسـازی و شوناسـی نەتەوەییـە و هـەر لـەم بارەوەش، شـێوازی وەسـفی -شـیکاری، وەک شـێوازی زاڵـی مێژوونووسـی ئەمیـن زەکـی بـەگ، پێناسـە دەکرێـت.

**پاشنووسەکان:**

١٨) بڕوانـنـە: مسـتەفا نەریمـان، محمـد ئەمیـن زەکـی لـە کتێبـی بغـداد وصـوک حادثـه ضیاعـی (١٦٦-١٥٨)-ڕەفیـق سـاڵح، ٢٠١٠: ٦٥-٦٠.

١٩) لـەم بـارەوە، دوکتـۆر فوئـاد و جەمیـل ڕۆژبەیانـی، ئامـاژەی وردیـان بـە ژمارەیـەک هەڵـەی ئەمیـن زەکـی بـەگ کـردووە، بڕوانـە: (زەکـی بـەگ: ٢٠٠٦: پێشـەکی بەرگـی یەکـەم و پێشـەکیی بەرگـی دووەم).

*** دوکتـۆرای مێـژووی ئێـران و توێـژەری مێژوویی ئەندێشـەی کوردستان**

**سەرچاوەکان:**

**کوردی:**

١- ئەڵاکۆم، روهات، (٢٠٠٥)، کوردەکانی ئیستەنبوڵی کۆن، وەرگێڕانی ئەحمەد تاقانە، هەولێر، موکریانی.

٢- زەکی بەگ، ئەمین (٢٠٠٦) خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، ڕەفیق ساڵح، سلێمانی، بنکەی ژین.

٣- زەکی بەگ، ئەمین، (٢٠٠٥)، سەرجەمی بەرهەمی محەمەد ئەمین زەکی بەگ، یەکەم بەرگ، ئامادەکردنی سەدیق ساڵح، سلیمانی، ژین.

٤- زەکی بەگ، ئەمین، (٢٠٠٦)، تەئریخی سلێمانی، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، سلیمانی، ژین.

٥- سەجادی، عەلائەدین، (١٩٤٨)، ئەمین زەکی کۆچی دوایی کرد، گەلاوێژ، ساڵی (٩)، لاپەڕەکانی ٥٤ -٦٤.

٦- ڕەفیق ساڵح، (٢٠١٠)، چی لە بارەی ئەمین زەکی بەگەوە نووسراوە، سلێمانی، بنکەی ژین

٧- کەمال مەزهەر، (٢٠٠٦)، پێشەکی، خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، سلێمانی، ژین.

٨- کەماڵ مەزهەر، (٢٠٠٠)، لە نێوان خواجا ئەفەندی و ئەمین زەکی بەگ دا، گ. ڕەنگین، بەغدا، ژمارەی ١٣٨.

٩- مستەفا نەریمان، محمد ئەمین زەکی لە کتێبی بغداد وصوک حادثە ضیاعی (١٦٦-١٥٨) ڕەفیق ساڵح، (٢٠١٠)، چی لە بارەی ئەمین زەکی بەگەوە نووسراوە، سلێمانی، بنکەی ژین.

١٠- مەحموودی ئیسماعیل، (٢٠٢٢)، هەنگاوێک بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی، سلێمانی، سەردەم.

فارسی:

١- ادواردز، پل، (١٣٧٥)، فلسفه تاریخ، ترجمه بهزاد سالکی، تهران، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی

٢- استنفورد، مایکل، (١٣٨٢)، درآمدی بر فلسفه تاریخ، ترجمه احمد گل محمدی، تهران، نشر نی.

٣- انتخابی، نادر، (١٣٩٢)، دین و دولت و تجدد در ترکیه، تهران، هرمس.

٤- ابن صوفی ، ملا محمد، (١٣٩١)، تاریخ کردستان، دل آرا مردوخی، تهران، اسناد مجلس شورای اسلامی.

٥- بدلیسی، شەرەفخان، (١٣٧٧)، شرفنامه، به اهتمام ولادیمیر زرنوف. تهران، اساطیر

٦- بن رستم بابانی، عبدالقادر، (١٣٧٧)، سیرالاکراد ، به اهتمام محمد رئوف توکلی، تهران، توکلی.

٧- بزارسلان، حمید، (١٣٩٨)، گفتارهای در خاستگاه ناسیونالیسم کرد، و..ترجمەی مراد روحی، تهران، چشمه.

٨- جنکینز، کیت، (١٣٨٤)، بازاندیشی تاریخ، ترجمه ساغر صادقیان، تهران، نشر مرکز.

٩- خسرو بن منوچهر اردلان، (٢٥٣٦)، لب التواریخ، به اهتمام اسماعیل اردلان، تهران، کانون خانوادگی اردلان.

١٠- رئیس نیا. رحیم، (١٣٦٨)، ایران و عثمانی، تبریز. ستوده.

١١- سنندجی، میرزا شکرالله، (١٣٦٦)، تحفه ناصری، به اهتمام حشمت الله طبیبی، تهران، امیرکبیر.

١٢- عبدالهی، عبدالله و جعفر جوان، (١٣٨٩)، درآمدی بر فلسفه علم و پژوهش در علوم انسانی کتاب اول، شناخت و شناخت شناسی. تهران، چاپار.

١٣- لوویت، کارل، (١٣٩٦)، معنا در تاریخ، ترجمه ناصری و زانیار ابراهیمی، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

١٤- مک داول، دیوید، (١٣٨٣)، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران، پانیذ.

١٥- مستوره اردلان (٢٠٠٥) تاریخ الکرد، به کوشش جمال احمدی آیین، هەولێر، ئاراس.

١٦- مفتخری، حسین، (١٣٨٩)، معرفت تاریخی، دیالکتیک عین و ذهن، کتاب ماه تاریخ وجغرافیا، شماره١٤٣.

١٧- مرادخانی، علی، (١٣٩٢)، گذشته کجاست؟ ماهنامه فرهنگی تحلیلی سوره اندیشه، شماره دوازدهم.

١٨- ناجی، محمدرضا، (١٣٩٠)، تاریخ و تاریخنگاری، ترجمەی شهناز رازپوش، تهران: نشر کتاب مرجع.

١٩- وقایع نگار کردستانی، علی اکبر، (١٣٨٤)، حدیقه ناصریه، به کوشش محمد رئوف توکلی، تهران، توکلی.

**عەرەبی:**

١- أمين زكي بك، (١٩٢٩)، تقرير أمين زكي نائب السليمانية، بشأن الجيش العراقي، مطبعة العراقي.

٢- دارا جمال غفور، (٢٠٠٨)، أمين زكي ودوره السياسي والإداري في العراق (١٩٢٤ -١٩٢٨)، السليمانية، ژين.